# یاریگای نێودەوڵەتی و پرۆژەی وەرزشی، سلێمانی داگیر دەکات

یاریگای یانەی سلێمانی لەکاتی نۆژەن کردنەوە فۆتۆ؛ ئاوێنەسپۆرت

یاریگای یانەی کەمال سەلیم لەکاتی دروستکردندا فۆتۆ؛ ئاوێنەسپۆرت

پارێزگای سلێمانی کە تا دوو ساڵ پێش ئێستا تەنها یەک یاریگای تێدابوو، لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە چەندین پرۆژەی نوێ بەڕێگەوەیەو زۆربەیان لەنزیکی تەواو بوونداں، ئەم پرۆژانە خۆی لە دروست کردنی یاریگای نێو دەوڵەتی و نۆژەن کردنەوەی یاریگاو دروستکردنی کۆمەڵگای وەرزشی دەبینێتەوە.

عومەر محەمەد کەریم ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە کارو پرۆژەکانیان لەم ساڵدا دەڵێت «ملیارێکو هەشتا ملیۆن دینار بڕی تێچوونی پرۆژە وەرزشیەکانی پارێزگای سلێمانیە»، عومەر محەمەد کەریم کەپێشتر جێگری یەکەمی مەلا بەختیاری سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی بووەو پاش یەکگرتن پۆستەکەی لێسەندراوەتەوە رایشی گەیاند «کارەکانمان لە ٧ پرۆژە پێکهاتووە، کە لەماوەیەکی نزیکدا کۆتایی دێت، هەندێکیان لەسەدا هەشتاو لەسەدا سی تەواوبوو».

ئەم کەلەهەمان کاتدا سەرۆکی لیژنەی تیپە میللیەکانی شاری سلێمانیە دەڵێت «زۆربەی پرۆژەکان مەلەوانگەی داخراوە، هەروەها پرۆژەی چیمەن کردنی یاریگای سلێمانی کە ئێستا لە جێبەجێ کردنایە، هەروەها یاریگای کەمال سەلیم کە بەچیمەنی دەستکرد دەکرێت، یاریگای یانەی ئەزمەر کەسەر بەپرۆژە تایبەتیەکانە ئێمە کارئاسانیمان تیا کردووە».

عومەر محەمەد کەریم کە وەزشکارێکی کۆنی شاری سلێمانیەو ئێستا جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشی نەوەرۆزە کەلە یەکگرتنی ئەزمەرو کەمال سەلیم دروست بوو دەڵێت «بۆ ٢٠٠٨ واتە ئەمساڵ چەند پرۆژەیەکمان بەدەستەوەیە ئەویش چاک کردنی یاریگای تیپە میلیەکان کە ٥ یاریگا چاک دەکەینو پەرژینی بۆ دروست دەکەین، لەبەرنامەماندایە یاریگاکانی «هاوکاری، چیا، شەهیدان (تیپی بابان)، بەکرەجۆ، یاریگای زێڕینۆک (ئەمەیان بەنیازین دووهۆڵی یاریگای بچوکی لێ دروست بکەین).

ئەندازیاری ئەم پرۆژانە کە (ئالان عەبدوڵا) یە لەبارەی بڕی تێچوونی نۆژەن کردنەوەی یاریگای سلێمانیو وادەی تەواو بوونی دەڵێت «یاریگای سلێمانی بەگفتی دانای ئەحمەد مەجیدی پارێزگای سلێمانی بوو کە بودجەی بۆ دابین کرا، دوای ساڵێک نەخشەی بۆ دانرا، ئەم یاریگایە لەسەر دیزاینی یاریگای ئەتاتورکی شاری ئەستەمبوڵ بنیاد دنرێتەوە ٢ ملیارو ٧٢٩ ملیۆنی تێدەچێت، بڕی ٦٪ بۆ بودجەکەی زیاد دەکرێتەوە، وادەی تەواو بوونی ٣٥٠ رۆژە».

لەلایەکی ترەوە لەبارەی یاریگای یانەی ئەزمەڕەوە ئالان دەڵێت»یاریگای ئەزمەڕش سەرەتا پرۆژەتایبەتیەکان کاری تێدا کرد، کاتێک ئەوان هەڵوەشایەوە، ئێمە ئیشمان تیا کردووە، لە ئێستا ٢ ملیارو ٤٥٦ ملیۆن بوو دەبوو لە ١٤٠ رۆژدا تەواوو ببێت، بەڵام پارەکەی کەمەو تەنها یاریگاو هەیکەلی پێ دەکرێت، بۆ ئەوانیتر داوای بودجەی ترمان کردووە».

سەبارەت بەیاریگای یانەی کەمال سەلیم ئالان دەڵێت «یاریگایەکی مۆدرێنی نێو دەوڵەتیە، بەچیمەنی دەست کرد دەکرێتو تاوەری روناک کردنەوەو پلیکانەی دانیشتنی هاندەرانی تیا دروست دەکرێت، ٣ هەزار هاندەر دەگرێت، ئەمە لەگەڵ بوونی شوێنی خزمەت گوزاری تایبەت بە کامپی راهێنانی یاریکەران».

پرۆژەکە ٥٠٪ی تەواو بووەو بەڵام خەسرەو گوروان لە لیژنەی تیپە میللیەکانی سلێمانی لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە بودجەی خولەکە وتی «لە بودجەی تایبەتی بەرێز سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بودجەی ئەو خولە دابین کراوە»، هەروەها بۆ بەشداری پێکردنی یاریکەران گوروان ئاماژەیدا بەوەی کە یاریکەرانی یانە پلە نایابەکان ناتوانن لەو خولەدا بۆ تیپە میللیەکان یاری بکەن بەڵام لە بەرامبەردا یاریکەرانی یانە پلە یەکەکان ئەتوانن یاری بکەن.

بڕیارە رۆژی ٢٠٠٨/٦/٢ یەکەم رۆژی دەستپێکردنی خولەکە بێت تایبەت بەتیپە میللیە پلە سێکانو رۆژی ٦/١٥ پلە دووەکان دەستپێدەکاتو رۆژی ٦/٢٤ خولی تیپە پلەیەکەکان دەستپێدەکات.

## نامەیەکی کراوە لە کۆمەڵێک ناوبژیوانی کوردستانەوە

لە هەموو دونیادا سەرۆکی ناوبژیوانان هەیە، لە هەر وڵاتێک بێت. ئێمەش وەک هەرێمی کوردستان سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانامان هەیە، بەڵام چۆن سەرۆکێک؟ تەنها ناوبژیوانو پارەی یارییەکانی بەدەستە. نموونەش زۆرن، یەکێک لەوانە کە پرسیاری لێدەکرێت بەبێ دوودڵی دەڵێت ئەوە بڕیاری یەکێتی تۆپی پێیە، چونکە ئەگەر وانەڵێت ئیشی ناڕوات، بۆیە لێرەدا پێویستە هەڵوێست وەرگرین، چونکە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دانانرێت، ئەوەتا بەئاشکرا زوڵم لە ناوبژیوانی شاری سلێمانی دەکرێت، ئەم برادەرە ئاگای لێیە بەڵام لەبەر خاتری هەندێ لە ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێ بێدەنگ بوو نەوەک ئەو پۆستە بێلایەنەی کە وەری گرتووە لە دەستی بدات.

ئەگینا کەی و چۆن دەبێت ناوبژیوانێک سزا بدرێت یاری کۆتایی بکات، بەڵام بە داخەوە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ وتوویەتی و ئەبێت ئەندامان بڵێن گەورەم وتەی تۆ تەواوە.

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت بڵێین ئەو برادەرانە نازانن کێ داناون، لەسەر حیسابی کێ دانراون، چونکە ئەگەر بیان زانیبایە هەڵوێستیان ئەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە ئەندامانی تۆپی پێ لەبەر بەرژەوەندی تەسکی خۆیان دەست دەخەنە کاری ناوبژیوانو هەر هیچیشی لێنازانن بەڵام ئەو پرسیارە لەخۆیان دەکەین.

لە کۆتاییدا ئێمە دەمانەوێت ئەگەر کاری ناوبژیوانی ئاوابێت نەکردنی باشترە، برای سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانان تاوەکو زووتر وازبهێنیت درەنگە، چونکە کاری ناوبژیوانی نە بەسەرەیەو نە بە موجامەلەو نەلەبەر خاتری خاترانە، هەروەها برادەرانی یەکێتی تۆپی پێ ئەوە بزانن کە شۆڕشی ناوبژیوانان زۆر قورسە ئێوەو کەسانی وەک ئێوە بەرەنگارییان بۆ ناکرێ، خۆتان باش بکەن باشترە، ئەگینا لابردنتان زۆر ئاسانە بۆ ناوبژیوانانو وەرزشکاران، چونکە خۆتان دەزانن کە تەنها کاری ئیداریو ناوبژیوانی جلی جوان نییە لەبەری بکەن لەبەرچاوی لێپرسراوان.

**کۆمەڵێک ناوبژیوان**

## لاوانی هەڵەبجەی شەهید سێ گۆڵ دەخەنە بان شۆڕیجە

**هەڵەبجەی شەهید، بەختیار عەبدوڵا:** رۆژی پێنج شەممە ٢٩/ ٥/ ٢٠٠٨ لەشاری هەڵەبجەی شەهیدو لەیاریگای تیپی کوردستان، بەئامادەبوونی سەرۆک و ئەندامانی ئیداری یانەی هەڵەبجە، لاوانی یانەی هەڵەبجەی شەهید بەراهێنەرایەتی (شاهۆ حەمە فەرەج) میواندار (تیپی وەرزشی شۆڕیجە)ی کەرکوکیان کرد، گێمی یەکەمی یاریەکە بەبێ گۆڵ کۆتایهات، لەگێمی دووەمدا هەڵەبجە توانی ٣ گۆڵ بکات و گۆڵەکانی لەرێگای هەریەکەلە یاریکەران (سەرکار نەجیم ) دوو گۆڵ و (بەهادین ) تۆمار کران.

## هاوکاری دووچرای سێ چرای کوژانەوە

**کەرکوک، کاروان ستار:** لە خولی پلە دووی کوردستانو بۆ گەیشتن بە یاری کۆتایی لە یاریگای یانەی وەرزشی کەرکوک هەردوو یانەی سێ چرا و یانەی هاوکاری دووز بەیەکگەیشتن. لەگێمی یەکمی یاریەکە لە خولەکی (١٨) یاریزان ( فەرج سەرهەدمەمەند) گۆڵی یەکەمی بۆیانەی سێ چرا تۆمار کرد، لەگێمی دووەمی یاریەکە لە خولەکی (٥١)یاریزان (محەمەد رحیم) گۆڵی یەکسانبونی تومارکرد و لە خولەکی (٦٠)یاریزان (ئەحمەد ئیبراهیم شیرین) گۆڵی بردنەوەی بۆ هاوکاری دووز تۆمار کرد، ئەم یاریە بە ناوبژیوانی (نیزام یاوەر و عیسام خەیرولا و عەلی ئەکبەرو ئەحمەد فەتاح) بەڕێوەچوو.

# بەبەشداری ٣٤٨ تیپ خولی تیپە میللیەکانی سلێمانی دەست پێدەکات

**بڕیارە رۆژی ٦/٢ لە حەوت یاریگای جیاجیای شاری سلێمانی بە بەشداری زیاترلە ٣٤٨ تیپ سیانزەیەمین خولی تۆپی پێی تیپە میللییەکانی ئەو شارە بە سەرپەرشتی لیژنەی تیپە میللییەکانی سەر بە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان دەست پێدەکات.**

**سلێمانی، سدیق عەوڵی:** ئەم خولە کە سەرەتاکەی بە خولی پلە سێکان دەستپێدەکاتو پاشان پلە دوواکانو دواتر پلە سێکان، خولی تیپە پلە سێیەکان بە شێوازی یەک دۆڕاندن بۆ دەرەوە بەڕێوەدەچێت، دواتر خولی پلە دوو و یەک بە دوو دۆڕاندن بۆ دەرەوە ئەنجامدەدرێت. رۆژانە دوو یاری لە هەریەک لە یاریگاکانی (هاوکاری، وڵویە، ئاوبارە، ئازادی، کوردستانی، چیا، مامەیارە)ئەنجامدەدرێن.

ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە رۆژی ٥/٢٦ لە هۆڵی دیالۆگ کۆبونەوەی هونەری بۆ سەرجەم ئەو تیپانە رێکخرا، پاشان تیروپشکی تیپە بەشداربووەکان راکێشرا.

ئەندامی تیپە میللیەکان لەکاتی راکێشانی تیروپشکەکەدا فۆتۆ:سدیق عەوڵی

خەسرەو گوروان لە لیژنەی تیپە میللیەکانی سلێمانی لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە بودجەی خولەکە وتی «لە بودجەی تایبەتی بەرێز سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بودجەی ئەو خولە دابین کراوە»، هەروەها بۆ بەشداری پێکردنی یاریکەران گوروان ئاماژەیدا بەوەی کە یاریکەرانی یانە پلە نایابەکان ناتوانن لەو خولەدا بۆ تیپە میللیەکان یاری بکەن بەڵام لە بەرامبەردا یاریکەرانی یانە پلە یەکەکان ئەتوانن یاری بکەن.

بڕیارە رۆژی ٢٠٠٨/٦/٢ یەکەم رۆژی دەستپێکردنی خولەکە بێت تایبەت بەتیپە میللیە پلە سێکانو رۆژی ٦/١٥ پلە دووەکان دەستپێدەکاتو رۆژی ٦/٢٤ خولی تیپە پلەیەکەکان دەستپێدەکات.

# "بومە جهێ سەر بلندیا یاریکەرێن دهوکێ بەرگریا ژ هەلبژارتی کوردستان بەکەن"

**ئاوێنەسپۆرت، هەژار مەعروف:** دیار نەبۆیە کا هەلبژارتی کوردستان تەپاپێ پشداری کەت دخولا سوید هەرێمی دا جونکە تانوکە پاسپورتێن یاریکەران دروست نەبۆینە «راستە یاریکەرێن یانا دهوک هەرئێک ژ جاسم محمەد حاجی، جاسم مەحمەد سلێمان، خالد موشیر مەرێک نەدا فان یاریکەران پشکداری دگەل هەلبژارتی کوردستان دا بەکەن بو ئێکەم یەکا مەشق راهێنان بۆ هەلبژتی کوردستان لێ مە وەکو یانا دهوک بەرنامەی مەشق راهێنان هەبۆ بۆ خۆئامەدەکرن بو خولا بژاردە عێراق».

ئەفە هاتە دیارکردن ژلایی سەروکی یانا دهوک خەلیل حەسەن بە لێدانەکا تایبەت دگەل ئاوێنە سپورت.

هەروەسا ناوبری گوت «کاتێ خولا بژاردە عێراق و یارییەن هەلبژارتی کوردووە، لە ئێستا ٢ ملیارو ٤٥٦ ملیۆن بوو دەبوو لە ١٤٠ رۆژدا تەواوو ببێت، بەڵام پارەکەی کەمەو تەنها یاریگاو هەیکەلی پێ دەکرێت، بۆ ئەوانیتر داوای بودجەی ترمان کردووە».

سەبارەت بەیاریگای یانەی کەمال سەلیم ئالان دەڵێت «یاریگایەکی مۆدرێنی نێو دەوڵەتیە، بەچیمەنی دەست کرد دەکرێتو تاوەری روناک کردنەوەو پلیکانەی دانیشتنی هاندەرانی تیا دروست دەکرێت، ٣ هەزار هاندەر دەگرێت، ئەمە لەگەڵ بوونی شوێنی خزمەت گوزاری تایبەت بە کامپی راهێنانی یاریکەران».

پرۆژەکە ٥٠٪ی تەواو بووەو بەڵام کێشەی ئاوەڕۆو بەرتەسکی جێگاکەی دەستی گرتووین، هەروەها ناڕەزایی خەڵکی ئەو گەڕەکەش لەسەر نەبوونی پارکێک بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل، کە لە داهاتوودا کێشە بۆ خەڵکی ئەو گەڕەکە دەنێتەوە».

یەکێک لە کرێکارەکانی ئەو پرۆژەیە کەماڵیان لەو گەڕەکەیە دەڵێت «ئێمە رازی نین لەساتی یاریدا هیچ سەیاریەک لەبەردەم ماڵماندا بوەستێت». بڕی تێچوونی ئەم پرۆژەیە ٢ ملیارو ٩٣ ملیۆن دیناڕە کە کۆمپانیایی چوارتا بڕیارە لە ٣٢٠ رۆژدا تەواوی بکات، بەڵام داوای زیاد کردنی دوو بودجەیان کردووەتەوە.

**هەلبژارتی کوردستان ل وەلاتی سوید کەتینە دئێک کات دا ئەفە بۆیە جهێ حێبەتا مەهەمیان جونکە مەشێ پێتفی ب یاریکەرێن خو هەنە هەرسێ یاریکەرێن مە دهێنە هژماتن باشترین یاریکەرێن یانا سەرەکی دناف رێزێن یانا دهوک دا گەر هاتو مەرێک دا فان یاریکەران بۆ بەرژوەندیا یانا گەلەک نەباشە جونکە کێماسیا فان یاریکەر ئەم دێ نەجاربین سێ یاریکەرێن عەرەب ل تیما خو زێدە بەکەین بۆ خولا بژاردە گەر هاتو مەرێک دا یاریکەران، راهێنەر یانا تانوکە نەرازەمەندیا خو دیارکری رێکی ناداتە فان یاریکەران مەشێ دفێت یاریکەرێن یانا دهوک بەرگریا ژهەلبژارتی کوردستان بەکەن بو خولا دەفەری وەلاتی ب نافی کوردستان یاری بەکەن دێ بیتە جهێ سەربلندیا مە».

# ئیبراهیم هاواری:یەکەم دایکم خۆش دەوێت دووەم کیک بۆکسینگ



ئیبراهیمی پالەوان دەڵێت «من لە سەر دەستی ڕاهێنەر ڕزگار توانیم بێمە ناو دنیای کیک بۆکسینگەوە کە هەر ئەو بوو هانی منیدەدا بەردەوامبم لەو یاریە، لە دوای خۆشەویستی دایکم، یاری کیک بۆکسینگە کە خۆشم دەوێ، ئێستا من لەم جۆرە شێوازانە یاری دەکەم تای بۆکسینگ، فول کۆنتاکت، سیمی کۆنتاکت.

ئیبراهیم هاواری بەردەوام دەبێتو دەڵێت «بەشداریم کردووە لە خولی ڕاهێنان و داوەری و تاقی کردنەوەی پشتێن لە سووریا، کە لە لایەن گراند ماستەر سامی قبلاوی تاقی کردنەوەم ئەنجام داوە، ئێستا خاوەنی پشتێنی قاوەیی نێودەوڵەتیم وەرەشی یەک دانی عێراقیم». لە مانگی (٣)ی ئەمساڵ بەشداریم کرد لە پالەونێتی یانە کانی عێراق لە شاری هەولێر کەبە هۆی ناجێگیری باری تەندروستیم نەمتوانی وەک پێویست ئەنجام بە دەست بهێنم. ئێستاش سەرگەرمی خۆ ئامادەکردنین بۆ سەربازگەیەکی مەشق کە لە تورکیا دەکرێت».

**سلێمانی، ئاوێنەسپۆرت:** بۆ یەکەم جارە لە عێراقدا یاریکەرێک بتوانێت لە کێشی سەرو قورس (١٥٥کگم) یاری بکات، (ئیبراهیم سەباح هاواری)ەکە لە دایکبووی شاری هەڵەبجەیەو ئێستا دانیشتووی شاری سلێمانیە لە ساڵی ٢٠٠٠لە سەر دەستی ڕاهێنەر (محەمەد غەفور) ناسراو بە ڕزگار دەستی کردووە بە مەشق، تا ئێستا بێ دابڕان بەشداری کردووە لە چالاکیە جۆربە جۆرەکانی ئەم یاریە، وەک :خولی داوەری، خولی ڕاهێنان، تاقی کردنەوەی پشتێن، نمایش، پالەوانێتی.

# ئازاد وەهاب:من خاوەنی مەبدەئم

**سلێمانی، ئاوێنەسپۆرت:** سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی سلێمانی بەداوەتنامەیەکی فەرمی لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی عێراقیەوە هاوڕێیەتی شاندی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراقی کرد، ئازاد وەهاب لەم بارەیەوە دەڵێت «بۆماوەی ١٢ ڕۆژ لەگەڵ یاریکەرانو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق مامەوە، بۆ یەکەم جارە هاوڕێیەتی شاندێکی لەو جۆرە بکەم».

سەبارەت بە هۆکاری هاوڕێیکردنی شاندەکە کە ڕۆژنامەیەکی کوردی نوسیبووی ئەمە بۆ ڕاکێشانی دەنگی ئازادە لەهەڵبژاردنی داهاتووی یەکێتی تۆپی پێدا، لەم بارەیەوە ئازاد وەهاب وتی «من زۆر سەرم سوڕما لەم وتەیە، چونکە هەموان باش دەزانن کە خاوەنی مەبدەئی خۆمو هەرگیز بەسەفەر مەبدەئی خۆم ناگۆڕم، وترابوو کە ٢٠ سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ براوە، لەراستیدا عێراق ١٨ پارێزگایە پێم وابێت دوانی کوەیتیشان خستوەتە سەری».

هەروەە وتیشی «من ئەو ڕۆژنامەیە دەچوێنم بە شیعەکان کە ئەوانیش هەمان تۆمەتیان خستە پاڵمو لەڕۆژنامەکانی خۆیاندا».

# لەکردنەوەی یاریگای سەرقەڵا گەردەلول شەهید کرا

**گەرمیان، هیوا زیرەک:** ڕۆژی سێ شەممە (٢٧-٥-٢٠٠٨) بەبەشداری جەماوەرێکی زۆری وەرزشی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناحیەکە، یاریگای نوێی سەرقەڵا کرایەوە. هەر بەو بۆنەیەوە یاریەکی دۆستانە ئەنجامدرا لەنێوان هەردوو تیپی شەهیدانو گەردەلول کە یاریزانە کۆنەکانی ناحیەکەبوون، تیپی شەهیدان توانی بەلێدانی یەکلاکەرەوە یاریەکە بباتەوە، هەروەها ماراسۆنێکیان بۆ یاریزانانی تیپەکانی ناحیەکە ئەنجامداو یاریزان (ناسر عەلی) لە تیپی (برایەتی) بووە پاڵەوان، شایەنی باسکردنە بنکەی وەرزشی سەرقەڵا بەهاوکاری لایەنە حیزبی و بەپەرسەکانی ناوچەکە توانییان ئەم یاریگا نوێیە دروست بکەن.

# کریستیانۆ ڕۆنالدۆ ١٥٠ ملیۆن دۆلار یان ٢٥٠٠ دیناری عێراقی!

**دهوک، هەژار مەعروف:** هەفرکی بو کرینا یارکەر پروتوگالی یانە مانجستر یونایتد ئینگلیزی کریستیانو ڕۆنالدو بەردوامن ژلایی یانا ریال مەدرید قارەمانا خولا ئیسپانیا تانوکە بەردوامن، تایبەت سەروکی یانا ریال مەردید تانوکە ١٥٠ملیون دولار بو کرینە فی یارکەری تەرخان کرینە لێ تشتێ سەیر لێ ڕۆژا ٢٥-٥-٢٠٠٨ ل ناڤ بازاری دهوک ب دەنگەکی بلند هاتە گازی کردن (٢)کریستیانو ڕۆنالد ٥٠٠٠هزار دینار ئانوکو ئێک ٢٥٠٠ دینار عێراقی! تا ئەز نێزیک بویم دیار بو فانێلێن کریستیانو دفروشێت دناڤ بازارێن سیکا دهوکێ دا.